حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ٤/١٠/١٣
ڕێکەوت : / / ٢٧٢١ کوردی

العدد :
التأريخ: ٤/ ٨/ ٢٠٢٣

## گشتاندنی ژمارە ( ١ )

## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## ب / نوێ کردنەوەی بە کرێ گرتنی خانووبەرە

پێتان ڕادەگەیەنین کەوا بۆ مەبەستی نوێ کردنەوەی گرێبەستی خانو و باڵاخانە بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٣ پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :-

١- بۆ ئەو خانو و باڵەخانانەی کە بە ڕەزامەندی وەزارەتمان لە ساڵی /٢٠٢٢ نوێ کردنەوەی گرێبەستیان بۆ ئەنجام دراوە ، نوێ کردنەوەی گرێبەستەکە بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٣ لە دەسەڵاتی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری دەبێت و پێویستە وەزارەتەکان بۆ هەر فەرمانگەیەک کە یەکەی ژمێریاری سەربەخۆی هەیە بە لیستی جیا خانوو باڵەخانە بەکرێ گیراوەکان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان بکەن لەگەڵ وێنەیەك لە ڕەزامەندی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندیدار بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٢ لە ڕێگەی سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS).

٢- مەرج نیە نوێ کردنەوەی گرێبەستەکان بە هەمان بڕی ساڵی ڕابردوو بێت ، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان دەسەڵاتدارە بە پێداچوونەوەی نرخی ئەو گرێبەستانە ، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی لیژنەیەک دەبێت کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری پێک دەهێنرێت .

٣- پلە تایبەتەکان (ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی) ئەوانەی خانوو یان شووقەیان بۆ بەکرێ گیراوە بە ڕەزامەندی وەزارەتمان بۆ ساڵی /٢٠٢٢ بۆیان نوێ دەکرێتەوە لە بڕی (١٠٠٠٠٠٠) تەنها یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٥٠) لە ٢٠٢٣/١/١٦ .

٤- ئەو فەرمانبەرانەی کە لە پلە (١) یەک بەرەو خوارەوەن خانوو یان شووقەیان بۆ بەکرێ گیراوە بە ڕەزامەندی وەزارەتمان بۆ ساڵی /٢٠٢٢ بۆیان نوێ دەکرێتەوە لە بڕی (٥٠٠٠٠٠) تەنها پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٥٠) لە ٢٠٢٣/١/١٦ .

٥- لە حاڵەتی گۆڕینی بەکرێ گرتنی خانووبەرە یان بەکرێ گرتنی خانووبەرەی نوێ ، پێویستە پێش وەختە هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ لیژنەی تایبەتی وەزارەتمان و بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندیدار بە پێچەوانەوە وەزارەتمان پابەند نابێت بە ڕەزامەندی دان و خەرج کردنی کرێیەکەی .

٦- هەر خانوو یان باڵەخانەیەک بە بێ ڕەزامەندی وەزارەتمان بە کرێ گیرابێت ، هیچ پابەندبوونێکی یاسایی و کارگێری و دارایی ناکەوێتە ئەستۆی وەزارەتمان .

٥- هەر گرێبەستێکی نوێ خانوو یان یەکەی نیشتەجێ بوون کە بۆ مەبەستی کەسی ( شخصی ) بەکاردێت لە دەسەڵاتی وەزارەتماندایە بۆ پلە تایبەتەکان (ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی) تەنها لە بڕی (١٠٠٠٠٠٠) تەنها یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت خەرج دەکرێ مانگانە وە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە پلە (١) یەک بەرەو خوارەوەن تەنها لە بڕی (٥٠٠٠٠٠) تەنها پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت خەرج دەکرێت مانگانە .

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆلینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ١٤/١٨/
ڕێکەوت : / / ٢٧٢١ کوردی

العدد :
التأريخ : ٢٤/ ١/ ٢٠٢٣

(مۆر: وەزارەتی دارایی و ئابووری – بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان – المديرية العامة للديوان – وزارة المالية والاقتصاد)

٦- سەبارەت بە خاڵی (٧) ی سەرەوە پێویستە کەسی کرێچی و ئەندامانی خێزانەکەی ( هاوسەر ) و ( کوڕ، کچ ) ئەگەر هاوسەرگیرییان نەکردبێت لەو شوێنەی یەکەکەی بۆ بەکرێ گیراوە پێویستە پاکانە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ئەو شوێنە بهێنێت کە هیچ جۆرە موڵکێکیان بە ناو نەبێت .

٧- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١ ەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠٢٣/١/

**وێنەیەک بۆ /**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان – عیراق / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ س. دیوان/ ف. گ . کارگێری و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجوومەنی وەزیران / سکرتارییەتی ئەنجوومەن / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان.. لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کودرستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆ جێ بەجێ کردن .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بۆ جێ بەجێ کردن .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی ( هەرێم , هەولێر , ( ١ , ٢ ) ی سلێمانی , دهۆك , هەڵەبجە , گەرمیان , سۆران , ڕاپەڕین , ئاکرێ , زاخۆ , کۆیە , چەمچەماڵ , ئامێدی ) / بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست .
- بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- سیستەم / لە گەڵ سەرەتاکان.
- دۆسیەی سۆڕاو.

س-٢٠٢٣/١/٢٢